# پــاریزگای سلیمانی

کۆدی پرۆژە .G٣٠١٢ [( .SUL)» ساڵی ٢٠١٦

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)

## بۆ پرۆژەی: - ( ئامادەکرنی خواردن بۆ نەخۆشخانەی شار )

**پــاریزگای سلیمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەلێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەلێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کــەمکردنەوەیە با سەردانی بینایی پــاریزگای سلیمانی (کاروباری هونەری/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبــەر ( ٢٠٠,٠٠٠ )دوو سەد هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەلێندەرو کرێی بلاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەلێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت..

١- وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی (٢٠١٦/٨/٢٩) دەست پێ دەکات تا رۆژی (٢٠١٦/٩/١٨) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢:٠٠)ی نیوەرۆ .

٢- رۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢١/ ٩/ ٢٠١٦) کاتژمێر (١٢:٠٠) ی نیوەرۆ دەبێت .

٣- رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە رۆژی (٢٢ / ٩ /٢٠١٦) کات ژمێر (٩) پێش نیوەرۆ دەبێت.

٤-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە: (٣٦٥) سێ سەدو شەست و پێنج رۆژ ( رۆژمێری ) .

٥- هەر رۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی رەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم رۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.

٦- پێویستە بەلێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٧- پێوستە بەلێندە لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیل (email) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات

٨- پێویستە لەسەر بەلێندەر پابەندی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(٢) ی ساڵی (٢٠١٦) و مەرجەگشتیەکانی بەلێندەرایەتی ئەندازەی عێراقی بەشی (١و٢) بێت.

٩- پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەرواری پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بە بەردەوامی سەردانی کاروباری یاسا بکەن لە ب. گرێبەستەکانی پاریزگا بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پرۆژەکە وپاڵپشت بەمادەی (٣٧) برگەی (٢) لە رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(٢) ی ساڵی (٢٠١٦).

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پێویستە بروانامەی دامەزراندنیان هەبێت لە بواری ئامادەکردنی خواردن یان دابینکردنی خواردن و مۆڵەتی تەندروستیان هەبێت وەهەروەها پێناسی ژووری بازرگانیان هەبێت وماوەیان بەسەر نەچوبێت .

٢- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن .

٣- ئەو کۆمپانیایانەی بەشداری دەکەن پێویستە تایبەت مەندبن لەو بوارەدا یان کاری هاوشێوەیان هەبێت و پشتگیری ئەو شوێنانە بهێنێت کە کاریان تێداکردوە.

٤- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٥- بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی ( ١٥,٠٠٠,٠٠٠ ) پانزە ملیۆن دینارەو بە (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (١١٨) رۆژ پێشکەش دەکرێت ، بەناوی پارێزگای سلێمانیەوە کرابێت و ناوی پرۆژەکەی لەسەر نوسرابێت.

٦- پێویستە بەلێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

٧- پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ

٨- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) رۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

**تێبینی: پێشەکی (١٠٪) ی گۆژمەی گرێبەست خەرج ناکرێت بۆ کۆمپانیا.**

سەردار قادر علی

پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

٢٠١٦/٨/٢٩

وێنەیەك بۆ

- بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی ٢/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- ب. تەندروستی سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ کاری پێویست .
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری / بودجەی ئاسایی / وەزارەتی تەندروستی ٢٠١٣
- یەکێتی بەلێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبە تمەند بەکاری بلاوکردنەوە لەرۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بەشی IT.
- ب.تەکنەلۆجیای زانیاری.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەری www.Slemani.gov.krd بکە .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٥٣٣١٩٣٩٧٣) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر یان email: ps.tendering@yahoo.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئامادەکردنی بانگەواز | ئە. ئامادەکردنی تەندەر | ئە. چێکی تەندەر | ل. تەندەر |
| ئەڤین محمود | | | نەورۆز رۆوف |